مەشهەدانی تاوتوێی بەهەزکردنی پەیوەندییە ئاسایشییەکان لەنێوان عێراق و ووسیادا دەکات



ئەمڕۆ سێشەممە، مەحمود مەشهەدانی، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران ، لەگەڵ ئەمیندارى ئەنجومەنی ئاسایشی ووسیا، سەرگی شۆیگۆ، تاوتوێی بەهەزکردنی پەیوەندییە ئاسایشییەکان لەنێوان عێراق و ووسیادا کرد.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران لە ڕاگەیندراوێکدا، ڕایگەیاند کە "مەحمود ئەلمەشهەدانی لە بینای ئەنجومەنی نوێنەران ، پێشوازی لە سەرگی شۆیگۆ، ئەمیندارى ئەنجومەنی ئاسایشی فیدراڵی ووسیا، و ئێلبروس کوتراشڤ، باڵیۆزی ووسیا لە بەغدا و شاندە یاوەرەکەیان کرد." ئاماژەی بەوەشدا کە "لە کۆبوونەوەکەدا قاسم ئەعرەجی، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی، و ژمارەیەک لە ئەندامانی لیژنەی ئاسایش و بەرگری، و سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی پەرلەمان ئامادە بوون".

هەروەها وتیشی: "لە کۆبوونەوەکەدا تاوتوێی نوێترین پێشهاتەکانی ناوچەکە، بەهەزکردنی هاوکاریی ئاسایشی لەنێوان عێراق و ووسیا، و ئاوگۆڕی ئەزموون و هەماهەنگی لە بوارەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و پاراستنی سەقامگیری کرا، لەگەڵ گفتوگۆکردن لەسەر هاوکاریی ئابووری و کردنەوەی دەروازەی کاری نوێ لەبەردەم کۆمپانیا ووسییەکان لە بازاڕی

عێراقیدا".

بەپێی راگەیندراوەکە، هەردوو لا جەختیان کردەوە لەسەر "ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا و ڕێی پەرلەمان لە سەرکەوتنی ئەو پێسەیەدا" ، دووپاتیشیان کردەوە لەسەر "گرنگیی بەردەوامیدان بە هەماهەنگیی ئاسایشیی هاوبەش، بە شێوەیەک کە سەقامگیری بەهێز بکات و خزمەت بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکان بکات".